قەیرەکان) دەنووسێت دەبینین لەڕووی فەزاو ئەتمۆسفێری گشتی ئەم شانۆگەریە گەڕانەوەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ژنانی لۆرکا لەماڵەکەی ئەلبا، بۆیە ئیحسان عوسمان دەبێتە یەکێک لەو دەرهێنەرانەی ڕووبەرووی ئەو تێکستە دەبێتەوە، هەڵبەت بەر لەویش دەرهێنەری تر ئەشێت کاری تیا کردبێت، بەڵام دیدی ئەو بۆ ئەو تێکستە بەر لەهەر شتێک هەولێکی بوێرانەیە، چونکە بەجەستەی ناکوردیی رووبەرووی بینەری کورد دەبێتەوە، دواتر بەتەنیا گرفتێکی ڕەگەزی خەمی نمایش نیە، بەقەد ئەوەی لەپرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژیەوە جەستە دەبێتە ڕووبەری ئامادەی ناو نمایش کە ئێمە لێرەدا ناوی دەبەین بە سەمایەک بۆ ئەرکیۆلۆژیای تێکست.

# سەمای ئەرکیۆلۆژیای تێکست لە ماڵی بەرنادا ئەلبا

بەرنادا دوای مردنی هاوسەرەکەی و بێوەژن بوونی پرسەیەکی هەشتساڵی دادەنێت کە دەبێت کچەکانیشی پابەندی سرووتی ئەو پرسەیە بن، ئەو بیرۆکەیەی شانۆگەری (ماڵی بەرنادا ئەلبای) ی شاعیری ئیسپانی لۆرکا لەدیدی دەرهێنەری کورد ئیحسان عوسمان وکۆمەڵە ئەکتەرێکی ئەڵمانی دەبێتە قەسیدەیەکی سەما ئامێزی کولتوریی کە جەستە لەودیو ووشەوە دەیەوێت مانایەکی فراوانتر بە بۆشایی شانۆ ببەخشێت.

ئەوە پرۆسەیەکە بۆ لەدایکبوونی شیعریی پانتایی.. ژنەکانی ماڵی بەرنادا ئەلبا گەمە دەکەن.. گۆرانی دەڵێن.. سەما دەکەن و مۆسیقا دەژەنن، بەڵام لەناو سرووتێکی خەمگیندا سرووتێک کە ئەوان بەسەر خۆیاندا نەسەپاندووە، بەڵکو خاتوو برنادای بێوەژن سەپاندوویەتی، لەفەزایەکی بچووکراوە کە مەبەستی دەرهێنەرە ڕووداوەکان لە ماڵێکی خنکێنراو بەرجەستە بکەن.

ئەگەرچی لەڕووی جوانکاریەوە ئەو جۆرە فەزایە جۆرێک لە کوشتن بۆ بەهای بۆشایی بنیات دەنێت، بەڵام لە ڕووی فیکریەوە ئەو حالەتی خنکانە بەرجەستە دەکات کە زەمەنی نووسینی تێکستەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیەکانی سەدەی بیستەم ئەودەمەی فرانکۆی خوێنرێژی ئیسپانیا حوکمی دەکرد، ئەو فەزایە جۆرە دەسەڵاتێکی فیکریە بۆ حالەتی خنکانی ئەو خوێنرێژە کە نەک فرانکۆ، بەڵکو فرانکۆییەکان هەمیشە هۆکاری بێوەژن بوونی برناداکانن.

دەرهێنەر دەقی نووسراو لەڕێگەی سەمای یەک لە کیژەکانەوە

دەکاتە پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژی تاوەکو ئێمە بەرەو میتا زمانی نووسراو بەرێت، بۆ ئەوەی دەیالۆگ نەبێت بە گرفت بۆیە جەستەی سەمازان دەبێتە ئەیقونەیەکی زمانەوانی بۆ ئەوەی شوناسی کارەکتەرەکان بناسین ئەو سەمایەی سەرەتا ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو ژنەکانی ئەو ماڵە لە دیوارەکان بێزارو لەپەیوەندیان بەیەکتری تووشی دڵەڕاوکەو ترس لە ڕەگەزی خودگەرێتی بوونەتەوە، بۆیە ئەو پیاوەی بێتە ئەو ماڵە هەریەکەیان خەونی گەیشتن بەو پیاوە دەبینێت پیاوێک کە تا کۆتایی نایەت.
هاتن یەکێکە لە گەورەترین حەرامەکانی ناو ماڵ ماڵێک کە سیستمی تایبەت بەخۆی هەیە پۆشینی پۆشاکیش دەچێتەوە ناو ئەو سیستمە بۆیە ململانێکە لەم نمایشەدا لەنێوان پۆشاکی سپی و ڕەشە، بەرنادا خوازیاری ئەوەیە ئەوان هەمیشە جلی ڕەش بپۆشن، چونکە دەتوانن بەم شێوەیە ژنبوونی خۆیان بشارنەوە، لەکاتێکدا کچەکان خوازیاری ڕەنگی سپین ئەو ڕەنگەی شەوانە بەدزی بەرناداوە دەیپۆشن بەخەونی گەیشتن بە داهاتوو.
وەستان لەبەردەم پەنجەرەکان شوورەییەکە کە شوناسی ماڵ دەشێوێنێت، بەڵام بۆ کیژەکان ئەوە سەرەتای یاخی بوونە بۆ دنیایەکیتر دنیایەک کە کۆتایی هاتنی زەبروزەنگی ماڵ بێت، ئەو زەبرو زەنگەی لەوێنەی شکاندنی هەڕەمی نێرایەتی ئەلبا بە شکاندنی گۆچانەکەی تەواو دەبێت ئەو دەمەی سیستمی یاخی بوون لە ماڵ دەگاتە ئاستێک یەک لە کیژەکان کە نەسیستمی خواردن و نە پۆشاک و نەحەرامکردنی روانین لە پەنجەرەو نە ڕێگادان بەو پیاوەی بێتە ماڵ وادەکات توڕەبوونەکانی بە

شکاندنی گۆچانەکەی بەر نادا تەواو بکات، لەڕاستیدا ئەوە بەهێزترین دەلالەتی ئەو نمایشەیە کە شکاندنی گۆچان وەستانە بەڕووی سیستمی کۆنترۆلکراوی نێرینەیی کە بەرنادا ئەو وێنە تۆقێنەرەی گواستۆتەوە بۆ خۆی.
شکاندنی گۆچان کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی ڕەمزی بەوەی ماڵ سەرەنجام ئەو دەسەڵاتە وون دەکات وبەو وونبوونەش مەرگی باوک لەناو رۆحی دایکدا بەرجەستە نابێتەوە هێندەی بە مردنی باوک مانا ڕەمزیەکانی نێرینەیی کۆتاییان هاتووە، مانایەک چوونە دەرەوەی دایک و تەقەکردن بۆ دەرەوە لەڕاستیدا ڕاوەدونانی پیاوی دەوروبەری ماڵ نیە تاوەکو لە ماڵ دووری بخاتەوە هێندەی وورپاکردنەوەی دەرەوەیە بەوەی دەسەڵاتی ماڵ تێکشکاو کیژەکان گۆچانیان شکاند.
ئەو پرۆسە ئەرکیۆلۆژیە بەناو تێکستی لۆرکا دیدێکی شاعیریانەی سەما ئامێزی ئیحسان عوسمانە بۆ ناو فانتازیای زمانێکی فرە کولتوریی کە گۆرانیەکان وەک جەستەی ژنەکان هەڵگری خاسیەتی کولتوریین ئەوە شوناسێکی دەست نیشان کراو نەبوو هێندەی پرۆسەیەکی مرۆڤدۆستی بوو کە هەموومانی لەساتی نمایش کۆکردەوە لەپێناو یەکەیەکی خۆشنودی رۆح و پرۆسەیەک بوو بۆ ڕزگاربوونمان لە کۆت و دەمامکەکانی سەر رووخسارمان.

نووسینەوەی ئاگایە ڕەخنەییە.. ئاگاییەک ڕووبەرووی ساتە زەمەنیەکانمان دەکاتەوە بەوەی چۆن لەتەک تێکستی کلاسیکی کار دەکەینەوە؟ ئەو ڕووبەروو بوونەوەیە پەیوەستە بەو تێگەیشتنە میتۆدیەی شانۆکار دەیەوێت کاری تیا بکات، بۆیە ئەو دەمەی خانمە شانۆکار تەلار هیرانی لەبەردەم تێکستی میدیا دەیەوێ کارەکتەرو بونیادی زمان وئاستی دەیالۆگ بباتە سەر یەک ئەکتەر بۆ ئەوەی دوو ئاست لە گێڕانەوە بخولقێنێت، ئەو دەمە دەبێت ئەوە بزانین کە ئێمە خۆمان ڕووبەرووی سەرکێشی دەکەینەوە، کە مەترسیەکمان دەخاتە بەردەم بەوەی ئاخۆ زەمەنی تێکست وئاستەکانی گێڕانەوەو بەشداریکردنی ئاگایی شانۆیمان بۆ تێکست توانای بەخشینی مانایەکی شکست نابەخشێت بە نمایش؟

ئەم پرسیارە لەڕێگەی خوێندنەوەی بونیادو پێکهاتە سەرەکیەکانی پرۆسەی خوێندنەوەی نمایشەکە ڕووبەرووی دەبینەوە، بەتایبەت لە دوو ئاستی گێڕانەوە کە ناویان دەبەین بە خودی شانۆکارو میدیای یۆرپیدس بەوەی ئەو یەکە هارمۆنیە چیە ئەو دوو کارەکتەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یەکەمیان کارەکتەرێکی ئاگایی ڕەخنەییە کە ئاگای لەتەواوی کارەکتەری دووەم هەیە، کارەکتەری دووەمیش شتێک نیە لەئێستادا بێت بەڵکو هەڵگری ڕووداوی ناو تێکستێکە کە تەواوی کارەکتەرو ڕووداوەکان بە دەوری ئەو دەسوڕێنەوە.

**ئاستی یەکەم: ئاگایی گێڕەرەوە**

هێشتا هیچ شتێک ڕووی نەداوە ئێمەی لەهۆڵی نمایشین چاوەڕوانی دەست پێکردنی شانۆگەریەکەین کەچی لەو دەرگایەی

ئێمە تیایدا هاتینە هۆڵ تەلار هیرانی شانۆکاریش وەک ئێمە تیایدا دێتە ژوورەوە دیارە ئەو دوا کەوتوە، دەیەوێت پەیوەندیەک لەگەڵ ئێمە دروست بکات باس لە نمایشی میدیا بکات، لێرەوە تەلار دەبێتە گێڕەرەوەیەک کە پەیوەندیی بە کارەکتەرەوە نیە، هێندەی بوونی ئەو ئامادەبوونی شانۆکارێکە لەناو تێکستێکی شانۆیی ئەوەش وا دەکات تەواوی بیرکردنەوەی کارکردن لە شانۆو چۆنیەتی مامەلەکردن لەتەک پێکهاتەکانی وەکو ڕوناکی ومۆسیقا لەبەر چاوی ئێمەی بینەر ئەنجام بدات، ئەو کارەکتەری شانۆگەریەکە نیە، بەڵکو خودی شانۆکارە ڕاستەقینەکەیە, کە وەک ئێمە پەیوەندیی بە میدیاوە نیە، جگە لەوەی لەڕێگەی نمایشکردنی ڕووداوەکانی تێکستەکەوە دەیەوێت بە میدیامان بناسێنێت ، بەبڕوای ئێمە ئەو تێگەیشتنە بۆ تێکست دیدێکی ناتەباو ئەزمونکاریانە بوو کە پێشتر لەتەک تێکستی کلاسیکی بەو شێوەیە ڕووبەرووی نەبووینەتەوە، ئەوە پڕۆسەیەک بوو بۆ وون نەبوون لەناو زەمەنی غەیبانی تێکستەوە، پڕۆسەیەکی تەئویلکاریانەی دەرهێنەر ئەنا پێتەر شۆنە، کە ئەکتەرەکەمان هەر ئەوەندەی دەچێتە سەر شانۆ لەجانتاکەی شانیەوە تەواوی موفرەدەکانی نمایشەکەی (دەرمان، هاوەن، پارچە قوماش، ماسک، کراسی سپی) دەخاتە بەر چاوی ئێمە، لەوەوە تێدەگەین کەرەستە شانۆییەکانی ئەو بریتین لەو شتانەی لەسەر مێزەکە دایدەنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە پەیوەستە بە توانا دەنگی وجەستەییەکانی تەلارەوە، ئەوە سەربارى كورسيەک کە بە قوماشی ڕەش لەسەر شانۆ داپۆشراوە، ڕووپۆشکردنی کورسیەکە بە ڕەنگی ڕەش لەتەک پەردە ڕەشەکەی دواوەی شانۆ کە بەمەبەست نیە

هێندەی  پەیوەستە بە خاسیەتی هۆلەکەی بەرێوبەرایەتی شانۆ لەتەک جل وبەرگی شانۆکارەکەمان کە ئەو سێ ڕەنگە ڕەشە مۆتیڤێکی تراژیدیی دنیای میدیا دەخولقێنێتەوە.

**ئاستی دووەم: میدیا وێنەیەکی بەرجەستەکراوی تێکست**

گێڕەرەوە بە کارەکتەرێکیترمان دەناسێت ئەویش میدیایە کارەکتەرە سەرەکیەکەی ناو تێکست، ئەو وەک کارەکتەرەکەیتر لەناو ئێستاماندا نیە، بەڵکو کۆی ڕووداوەکانی بەدەوردا دەسورێتەوە، میدیای نەفرەتلێکراو دەبێت دەربکرێت لە نیشتیمان، ئەو تاوان دەکات بەڵام ئاگایی شانۆکار لەناو نمایش ڕەوایەتی بەم تاوانە دەدات، وەک چۆن ئێمە ئازاد دەکات لەوەی چۆن سەیری ئەو ڕەوایەتیە بکەین، ئەوە ئێمەین کە تاچەند بەشداری لەو ڕەوایەتیە دەکەین، یاخود وەک فەزای تێکست بە گوناهبار سەیری دەکەین، بۆیە ئاستی دووەم نمایشت کردنی  دنیای یۆرپیدسە لە فۆرمی گێڕانەوەی ئاستی یەکەمدا، بۆ ئەوەش پەنا دەباتە بەر چەند ماتریالێک کە ئینتیما بکەین بۆ تێکستی نووسەر، ماسک کە ڕۆڵی جۆنسۆن دەبینێت ئەو دەمەی دەیخاتە ڕووخساری توانانەوەی دەنگی میدیاو گۆڕینیەتی بۆ جۆنسۆن، دواتر بە داکەندنی ماسکەکە ئەو ماسکە وەزیفەی کارەکتەرەکەی ناو تێکست وون ناکات هێندەی تەلار دەبێت بە میدیا و ماسکەکەش بە جۆنسۆن، کە مۆتیڤێکی بەرزی ناو فەزای یۆرپیدس بەرجەستە دەکات، بەتایبەت لەڕێگەی ژەهرەکە کە لە هاوەنەکە دەیکوتێت ودەیپرژێنێتە سەر شاڵەکە.

لەوێشدا ئاگایی خودی شانۆکار وونکردنی یۆرپیدس نیە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ تێکست، بۆیە لەسیاقی گێڕانەوەی ڕووداو دەری

دەكات، دەیداتە یەكێك لەبینەرەكان تا ئەو شاڵەكە بەرێت، مەترسی لەوەدا بوو ئەو شاڵە لەناو بینەران وون ببێت، بەڵام كاتێك دەگاتەوە ئاستی بەرجەستەكردنی تاوان داوا لەو بینەرە دەكات كە شاڵەكەی پێبداتەوە.

**یەكەی شانۆیی لە دوو ئاستی جیاوازدا**

ئەو دوو ئاستەی ئێمە لەبارەی ئەم نمایشەوە دەست نیشانمان كردووە، دوو ئاستی جیاوازن یەكێكیان تەلاری شانۆكارەو ئەویتریش میدیای یۆرپیدس، بەڵام دەرهێنەرو ئامادەكاری تێكستەكە لەیەكەیەكی شانۆیی هارمۆنیدا دەیبەنە سەر هێلێكی پێكهاتەیی كە پەیوەست بێت بە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی نمایشی شانۆیی، لەلایەک كە ئەكتەر بەتەنیا بەرجەستەی كارەكتەری تریش بكات لەپاڵ خۆی، وەک ئەو دیمەنەی میدیاو پاشای پیر كە توانا دەنگیەكانی تەلار وێنەی دوو كارەكتەری لەیەک چركەساتدا بۆ دەخستینە ڕوو، كە لەدوانی یەكێكیان هەست بە بوونی ئەویتریش بكەین، ئەگەرچی ڕیتمی سەرەتای نمایش تا ساتەوەختی بەرجەستەكردنی كارەكتەری میدیا ساتەوەختی نزمبوونەوەی گوتارە، نزمبونەوەیەک وا دەكات لەگەڵ دانیشتنی گێڕەرەوە تواناكانی گوزارشت تەسلیمی دەسەڵاتی ووشە بن، بەڵام لەگەڵ ئینتیماكردن بۆ ئاستی دووەم نزمبونەوەی گوتار هەڵئەكشێت وڕیتمی شانۆكەش گۆڕانی بەسەردا دێت، كە ئەو یەكە شانۆییە هەردوو ئاستەكە بەوە دەست نیشان دەكات تەلار هۆڵەكە بەجێ بێلێت ودەنگی میدیاش لەسەر نەوایەكی تۆماركراو سەر شانۆ داگیر بكات، ئەوەش جیاكردنەوەیەكی زەمەنی نێوان ئەو دوو ئاستەیە كە فۆڕمێكی جیاواز بە تێكستێكی كلاسیكی

# مانای سێیەم لەپرۆسەی دەقئاوێزان

ئەگەر ئێمە بە تێکستێکی چیخۆف بە مۆنۆدراما ئاشنا بووین، ئەوا گەزیزە لەدواین هەوڵی خۆیدا ئەو تێکستە دەکاتەوە بە رووبەری ئەزموونێکی تری ئەو شانۆیە کە دەتوانین خاسیەتی شانۆی گەزیزە بەتەواوی بناسین وەک هەوڵێکی فێنمێنیستیانە لە شانۆدا کە بەقسەکردن لەو نمایشە دەکرێت ئێمەش لەتوێژینەوەکەمان سیماکانی ئەو شانۆیەمان بەتەواوی بۆ ڕۆشن بووبێتەوە، چونکە ڕووبەروو بوونەوەیەکە لەگەڵ چیخۆف و بەگژداچوونەوەیەکیتری گوتاری نێرسالاریە لە شانۆدا، کە ئەوەش ئیشکردنەوەیە لەڕووبەرێکی کەشف نەکراو بۆ مانای سێیەم لە پرۆسەی دەقئاوێزاندا، چ لەتەک ئیشکردنەوەی بۆ چیخۆف یاخود ئیشکردنەوە لەسەر مانا ڕەگەزیەکانی تێکستەکەی چیخۆف و نمایشی (وەک قەقنەس دەسووتێم)

هەڵوەستەکردن لەسەر نمایشی (وەک قەقنەس دەسووتێم) رووبەروو بوونەوەی وەرگرە لەبەردەم مۆنۆدرامایەک لە ئەزمونی دەقئاوێزانەوە پرۆژەی شانۆیەکی فێمێنیستی لەخۆیدا هەڵدەگرێت، ئەوەش دەرگای فرە خوێندنەوەیی و تێرامانی جیاوازمان بۆ دەکاتەوە.. بۆ ئەوەش پێویستمان بەوە دەبێت لەتەواوی رووبەرو پێکهاتەکانی گوتاری نمایش بوەستین.

لەم دەقەدا شانۆکار بەرەو خودی خۆی دەگەڕێتەوە خانمە ئەکتەرێکی بە ساڵا چوو دوای ئەزموونێکی درێژ لەگەل شانۆ سەرەنجام بینەران فەرامۆشی دەکەن و بەرەو لەبیر چوونەوە دەروات، ئەوە لەساتێکدا ئەو رۆژگاری هەرەتی لاویش ئەو

دەمەی لەسەر شانۆیە ئەوەی بینەر لەوی دەوێت قەبووڵکردنی نیە وەک ئینسان، بەلکو قەبووڵکردنیەتی وەک ئەکتەرێک بۆ نەستی کۆمەڵی. بۆیە گرفتی گەورەی کارەکتەرەکە لەگەل خۆشەویستەکەیەتی کە نەک بیر لەوە ناکاتەوە ماڵێک عەشقەکەیان کۆ بکاتەوە تەنانەت ئامادە نیە بێتە سەیرکردنی شانۆگەریەکانیشی.

کارەکتەری سەرەکی نمایشەکە رووبەرووی کێشەو گرفتی تایبەت ئەبێتەوە کە ئەتوانێ خۆشەویستی بە بینەرانی ببەخشێت، بەلام کەس ئەو خۆشەویستیە بەو نابەخشێت، بۆیە ئەو دەمەی بەرەو پیریش هەنگاو دەنێت هەست بە تەنیاییەکی سەخت دەکات، تەنیاییەک کە شانۆی لەدەستچووەو ئەوەی بۆ ئەو ماوەتەوە تەنیا یادەوەریە.. یادەوەری رۆژانی گەنجی کە بریتیە لە شوناسی ئەوی ئەکتەر.

ئێمە لەبەردەم ئەو دەقەدا، شانۆگەری گۆرانی ماڵئاوایی چیخۆف دەکەوێتە خەیالمانەوە بۆیە ئەو دەمە پرسیاری ئێمە پرسیارە لە شوناسی شانۆکار ئایا ئەوانەی چیخۆف بە ئازاری ئەکتەری پیاوی دەزانێت گەزیزە ئەو ئازارە دەگۆڕێت بۆ ئەکتەری ژن؟ ئەوەش ئەو پرسیارەیە لەو نووسینەدا هەوڵ ئەدەین نهێنیەکانی بخەینە ناو پرۆسەی گومانەوە

تاکە ئەکتەری نمایشەکە لە فەزای ماڵێکی بەتاڵ رووبەرووی تەکنیکە تایبەتیەکانی نواندنی خۆی دەبێتەوە، لەرێگەی دەنگ و جولەی جەستەوە دەیەوێت گوزارشت لە رۆحی تێکست بکات و بچێتە ئەودیو ماناکانی ووشەوە.

دیاری عومەری ئەکتەر لەم نمایشەدا سەرەتا وەک ژنێکی بەساڵا

چوو دەیبینین کە لەو ساتەوەختە پیر بوون زەمەنی ئێستای ئەوە، ئەو هەوڵ دەدات لەرێگەی جولەو دەنگەوە گوزارشت لەو ساتەوەختە زەمەنیەی کارەکتەر بکات هەرچەندە لەهەندێک باردا دەنگ ئەو دوو زەمەنە لەدەستی ئەکتەر دەسەنێتەوەو دەیداتەوە بە زەمەنی نمایشەکە

ئەگەر بیانوی دیدی دەرهێنان ئەوە بێت کە زەمەنەکان کۆی مێژووی کارەکتەر بنیات دەنێن، ئەوا لەڕوویەکی تردا ڕاستیەک هەیەو دەشاردرێتەوە کە ئەکتەر لەناو زەمەنی ئینتیما بۆ کراو دەبێت هەلگری رۆحی کارەکتەر بێت هەرچەندە ئەو بە پەیوەندیکردن بە بینەرو دۆزینەوەی پرسیارە شاردراوەکەی کە خۆشەویستەکەی لەهەرەتی لاوی چی لەو دەویست لەوێوە ئیدی ئەو کارەکتەری نمایشەکە نیە، بەلکو کارەکتەری سێیەمە لەراستیدا ئەتوانین بڵێین دیاری عومەر خۆیەتی، واتە نە ئەکتەری ناو یادەوەری تیکست و نە خانمە بە سالا چووەکەی تەمەنە ئەگەرچی ئەو لەرێگەی ڕاگوزار لەگەل بینەر بە بوێریەکەوە رەفتار دەکات، ئەو بوێریە لەلای کارەکتەرەکە وونە بەلام خودی ئەکتەری راستەقینەکەمانە بەرجەستەی دەکات.

دەرهێنەر لە شانۆیەکی ڕوتدا کە ماتریالەکانی بریتین لە چوار چوارچێوە کە پێشەکەیان لەشێوەی ئاوێنەیە لەگەڵ تەنافێکی جل هەڵواسین کە جل وبەرگی ئەکتەرەکەی پێ هەڵواسراوە.

شوێن بریتیە لە ئاڵوگۆری زەمەنی ئەو دەمەی ئێمە لە زەمەنی هەنووکەییداین شوێن دەبێت بە ماڵ، ئەو کاتەشی بەرەو یادەوەری کارەکتەر دەگەڕێینەوە شوین دەبێتە هۆلی شانۆ، بەواتای کارەکتەرەکە کۆی ژیانی بریتیە لە هۆڵی شانۆ و ماڵ،

هۆلی شانۆ بەواتای ئامادەبوونی خود و ماڵ چاوەروانیەکە بۆ قەدەری مەرگ.

دەرهێنەر لەم ڕووبەرە کراوەیەدا دەیەوێت ئەکتەر لەتەک ماتریالەکانی گوزارشت لەو دیدە تراژیدیەی ناخی کارەکتەر بکات، بۆیە چوارچێوەکان چەندین وەزیفەی جیاواز وەردەگرن (باخچە.. گۆڕ.. دەرگا.. کورسی) ئەوەش چربوونەوەی ماتریالە بۆ دەلالەتی جیاواز کە یەکێکە لە فرە دەلالەتی بە ماتریالێک کە بە خاڵێکی گرنگی ناو نمایشەکە دادەنرێت لەپاڵ ئەوەدا دەیەوێت ئەکتەر جگە لە دەربرینە دەنگیەکان دوو توانای تەکنیکی تر بخاتە پانتایی ماڵ و هۆلی شانۆکەوە ئەویش شینێکە کە زیاتر لەڕێگەی هۆرەی هەورامی و ئەویتریش هەندیک جولە لەپشت ماتریالەوە کە ئەکتەر لەرێگەی درێژکردنەوەی قاچەکانی دەریدەخات

هەلبەت هەرچی سەبارەت بە و سیستمە کەرنەڤاڵیەی دەنگیە بوو کە دیاری بە توانایەکی بەرزەوە بەرجەستەی دەکرد کە گوزارشت لە شینێکی خودگەرایی شانۆکاری کورد دەکات، بەلام گرفتەکە لەوەیە چی دەنگ دەجولێنێت ئەو دەیویست جولە بۆ دەنگ رەسم بکات، لەکاتێکدا ئامادەبوونی هێزی دەنگ دەبێت ئەکتەر بجولێنێت نەک بە پێچەوانەوە.

هەرچی سەبارەت بە هەندێک جولەی ئەو دیو ماتریالە دەشێت پێچەوانەی وەزیفەی ماتریال بووبێت، ئەگەر ماتریالی وەکو چوارچیوەکان زۆرترین دەلالەت بەخۆوە دەگرێت، بەلام ئەو جولانە وەک جۆرێک لە زیادرەویی لەشێوەی ئامادەبوونی جەستە دەخرێتە روو، کە تەنیا بەمەبەستی خولقاندنی جۆرێک سەرسامی درووست کردنە کە هیچ کاریگەری لە پرۆسەی

نمایش نیە، بەلام لەپال ئەوەدا ئەگەر هاوکێشەی نمایشی کوردیی زۆرجار بریتی بیت (دەق+ دەرهێنەر+ ئەکتەر) ئەوا گەزیزە لە پیناو فراوان بوونی گوتاری نمایش ئەو هاوکیشەیەی کردووە بە (دەق+ ئەکتەر+ دەرهێنەر) ئەوەش شتێکی هەرەمەکیانە نیە، بەلکو بەرەنجامی کارکردنیەتی لە شانۆی مۆنۆدرامی کە ئەکتەر دەکاتە کەناڵی پەیوەندیی نیوان دەق و دەرهێنەر.

بۆیە ئەگەر لە مۆنۆدرامای پێشووی گەزیزە (پالتۆکەی میر) کە خۆی ئەکتەر بوو بەهۆی ئەکتەر بوونی خۆی نەیتوانی زاڵبێت بەسەر هەندیک ئیشکالیەتی شوین، بەلام لەم نمایشەدا چونکە خۆی دەرهینەرەو ئەکتەر نیە ئەو ئیشکالیەتانە چارەسەر دەکات. نمایشەکە شانۆیەکی مۆنۆدرامی بوو بەواتای تاکە ئەکتەرێک دەیویست ئینیتما لەناو ئەو دوو زەمەنە بکات، زەمەنی ئێستاو زەمەنی یادەوەری گێڕانەوە لە ئێستادا بەرجەستەکردنی زەمەنی یادەوەری بوو هەڵبەت ئەزموونی گەزیزە لەتەک ئەم شانۆیە ئەزموونێکی جدیە بەهۆی ئەوەی لەرێگەی مەنەلۆژی ناخی کارەکتەرەوە دیدی کۆمەلایەتی بۆ گرفتەکانی کۆمەڵگاو ژن بەتایبەتی دەخاتە ڕوو، بەلام ئەمجارە ئەو دیدگایە دەبەخشێتە ئەکتەرێکیتر تاوەکو بتوانێ بە تەواوی بەسەر بونیادو جومگە سەرەکیەکانی نمایشەکە زاڵ بێت.

ئێمە تاکە ئەکتەرێک لەسەر شانۆ دەبینین ئەکتەرێک هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت بە چیرۆکی ژیانی خۆی ئاشنامان بکات، ئەگەر ئەو کارەکتەرە لە دۆخێکی دەروونی سەختدا نەبێت، دەبێت بپرسین ئەو قسە بۆ کێ دەکات چونکە دەربرینی مەنەلۆژ زادەی دۆخێکی نەستی مرۆڤەن ئەوەش یەکێکە لە خاڵە جەوهەریەکان

که بەهۆی ئەزموونەکانی پێشووی لەتەک مۆنۆدراما بۆیە دەزانێت ئەگەر تەواوی نمایشەکە لەناو یادەوەری کارەکتەر بوایە ئەوسا هیچ ڕەوایەتیەک وەرناگرێت کە خاوەنی مەنەلۆژی کارەکتەر بین، ئەوەش بە بڕوای ئێمە لایەنێکی گرنگە بۆ کاری مۆنۆدرامی.

نووسینەوەی دەق بەرەنجامی پرۆسەی دەق ئاوێزانە لەتەک دەقێکیتردا ئەویش شانۆگەری (گۆرانی ماڵئاوایی) چیخۆفە، ئەو پرۆسەیە بەچ مەبەستێک ئەنجام ئەدرێت؟ ئاخۆ مەبەست لە گۆڕینی کارەکتەرێکی پیاوە بۆ ژن؟ ئاخۆ گەزیزە دەیەوێت بلێت خەمەکانی شانۆکار خەمی ژنن نەک پیاو؟ بۆ ئەوەی باشتر بتوانین بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکانمان با پێناسێکی خێرای دەقئاوێزان بکەین.

دەقئاوێزان بریتیە لە پەیوەندی نێوان دەقێک لەگەڵ دەقێکی تر, یان لەگەڵ چەند دەقێک, ئەوەش دەق دەکات بەسێنتەرێک بۆ پەیوەندیەکی دیالەکتیکی, کە دەق دابڕاو نییە لە دەقەکانی بەر لەخۆی, بەڵکو لە گفتوگۆی نێوان دەقەکانداین, بەڵام دەقە نوێیەکە لەناو ئاگاییەکی مێژوویدا دەجولێتەوە, کە ڕەهەندێکی ئەبستمولۆژی پێدەدرێت, ئەوەش دەق وەک زانستێکی سەربەخۆ سەیردەکات, بۆیە بە بڕوای ژۆلیا کریستیڤا دەبێت دەقە نوێیەکە وا لە زمان بکات تواناتی کارکردنی هەبێت لەسەر مادییەت بۆ ڕێگەی پەیوەندیی و تێگەیشتن لە کۆمەڵگا، ئەوەش نابێت بۆ نووسەری دووەم ببێت بە کارێکی نامۆ لەسەر زمان.

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین پرۆسەی دەقئاوێزان لەم نمایشەدا پرۆسەیەک نیە لەتەک کۆمەڵە دەقێکیتردا، بەڵکو پرۆسەیەکە

لەتەک تاکە دەقێک بە ئەنجام دەگەیەنرێت، ئەویش لێرەدا بە دەقی یەکەم و دەقی دووەم ناو دەبەین.
دەقی یەکەم.. دەقی چیخۆف لە (گۆرانی ماڵئاوایی) و دەقی دووەم.. دەقی گەزیزە لە (وەک قەقنەس دەسووتێم) ستراتیژیی پشت ئەو پرۆسەیە لابردنی کێشەی ڕەگەزیە بەوەی ئەوە تەنیا ئەکتەرێکی پیاو نیە هەڵگری خەمی شانۆیە، بەڵکو لە دەقی دووەمدا دەبینین ژن بەهەمان شێوە هەڵگری هەمان خەمە، گۆڕینی ئەو کارەکتەرە بۆ ژن گۆڕینی رەهەندێکی ڕەگەزیە بۆ رەهەندێکی مرۆیی، بەڵام ئەو رەهەندە لەرێگەی ژنەوە بەرجەستە دەکرێت.
دەقی دووەم دەیەویت ڕووبەرێکیتر بە دەقی یەکەم ببەخشێت کە جیا لە رەهەندە مرۆییەکەی ڕووبەرووی مانای سێیەممان دەکاتەوە، لێرەدا مەبەستمان لە مانای سێیەم مانایەکە لەو دیو دەقی یەکەم و دەقی دووەم، مانای سێیەم بەرەنجامی نمایشە شانۆییەکەیە، کە ئەکتەرەکەمان لەسەر شانۆ بەرجەستەی دەکات، بەتایبەت کاتێ دێتە ناو بینەران رەهەندی دەقی دووەمیش جیدێلێت بەتایبەت لەساتی پرسیارکردن لە بینەر بۆ مەبەستەکانی خۆشەویست و دواتر بەرجەستەکردنی وێنەی ئەویتر لەرێگەی چەپلەو فیکە لێدانەوە مانایەکە لەبنەماوە لە دەقی یەکەم هاتووە کە هەموو چەپلە بۆ ڤاسیلی لێدەدەن، بەلام کەس ئەو پیرە ناباتەوە ماڵەوە، وەک چۆن کاتێ داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات شووی پێبکات پێی دەلێت "واز لە شانۆ بێنە" لە دەقی دووەمدا ئەو دێرە بەجۆرێکیتر ئیشی تیا دەکرێتەوە بە خانمە ئەکتەرەکە دەوترێت "تۆ شووت بۆ چیە ئەی تۆ شووت بە شانۆ نەکردووە"
بەڵام مانای سێیەم مانایەکە لەدەرەوەی ڤاسیلی و لەدەرەوەی

کارەکتەری دەقی دووەمە، مانایەک هەڵگری زەمەنی نمایشە، کە خەمی کارەکتەری ناو تێکستێکی شانۆیی نیە، بەڵکو خەمی خودێکی شانۆییە، ئەو دەمەی دیاری دێتە ناو بینەران ئەوە تێگەیشتنێکی زۆر لاوازە ناوی بەرین بە لابردنی دیواری چوارەم و تیۆری نامۆبوون، بەڵکو ئەو هاتنە بەشداریکردنی ئاگایی وەرگرە لە نێوەندێکی شانۆیی کە خەسڵەتی بێدەنگی تیا بگۆرێت بە پرسیار لە رێتمێکی مۆنۆدرامیەوە دەیگۆرێت بۆ شانۆیەکی ژۆرنالیستی، بەڵام زوو بە ئاگامان دینێتەوە لەرێگەی چوونەوە سەر شانۆ.
لەدیدی دەرهێناندا دەشێت ئەوە خەوشێک بێت بەهۆی ئەوەی مەنەلۆژ بەرەنجامی جۆرێک لە بێئاگایی کارەکتەرە، بەڵام کاتێ ڕیتمێکی ژۆرنالیستی وەردەگرێت، واتە لەحالەتێکی نەستیەوە دەپەرێتەوە بۆ ئاگایی کارەکتەر، هەرچەندە هاتنی ئەکتەرەکەمان بۆ لای ئێمەی بینەر هاتنی کارەکتەرەکە نەبوو، بەقەد ئەوەی هەڵگری خەمی کارەکتەرەکە بوو، خۆی بە بەشێک لە کارەکتەرەکە دەبینی، واتە چەمکی (خود) ی بۆ کارەکتەرەکە تێکدەشکاند و لەشوێنیدا (ئێمە) ی شانۆکاری بەرهەم دەهێنا.
ئەگەر ئەم نمایشە لە دیدێکی فێمێنیستیەوە بخوێنینەوە ئەوا پرۆسەی خوێندنەوە رەخنەگرتنە لە گوتاری ئەنتلجنسیای کوردیی بەوەی ئەو نوخبەیەی پێی دەوترێت شانۆکاری کورد نوخبەیەکی نێرانایەو هەڵگری عەقڵیەتێکی دواکەوتووی ناو پاشخانی کۆمەڵایەتیە.
بۆیە ئێمە یەک ئەکتەر دەبینین ئەویش ژنە، پیاوەکان هیچ نین، جگە لە دەنگی یادەوەری ئەوان بیرچوونەتەوە.. بوونەتە دێوەزمەو خەیال خەونێکی لەدەستچوو، بوون ئەوەی نەمری تیا

ماوەتەوە گوتاری ژنبوونە.
ئەو یاخی بوونەی کارەکتەر بەرەنجامی ئیشکردنێکی درێژخایەنی گەزیزەیە بۆ شانۆیەکی فیمێنیستی، شانۆیەک بنەماکانی لەنووسینی دەقەوە بنیات دەنێت و دواتر دەیەوێ لەدیدی دەرهێنان ئەو کێشەیە لە ناو ماڵی کوردیی رووبەرووی گرفت بکاتەوە، سەرەنجام تێدەگەین ماڵ بۆ خۆی گەورەترین گرفتە ئێمە کارەکتەری نمایشەکەمان لە رابردوودا خوازیاری ئەوەیە ماڵێکی هەبێت تا مانای زیندەگی تیا بدۆزێتەوە، بەلام لە کۆتاییدا ئامادەبوونی ئەو لەماڵ ئامادەبوونی ژنە لەناو رووبەری تەنیایی.
ئەوەش دەرگا بۆ پرسیاری تاک و ماڵ دەکاتەوە بەوەی لەدایکبوونی فەرد لەماڵدا وابەستەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانە یاخود بە یاخی بوونی مرۆڤە لە ماڵ؟
بۆ ئەوەی بگەین بە وەلامی ئەو پرسیارە گەزیزە درک بەتراژیدیای ئەخلاقی ماڵ دەکات کە خەونی یادەوەری بووە بە حەقیقەتی وەهم، بەلام حەقیقەتێک کۆی مێژووی شکست و تراژیدیای تیا دەگێڕدرێتەوە، تەنانەت مێژووی ئەزموونی کاری شانۆیش لەناو هۆلی شانۆ ناگیردرێتەوە، بەلکو لەناو ماڵ دەگێردرێتەوە.. ئەوەش ئەو حەقیقەتەیە کە ئەکتەرەکەمان سەر شانۆ جێدێلێت و دێتە ناو مەجلیسی دانیشتنی ئێمە بەواتای گواستنەوەی پرسیارەکانی شانۆیە بۆ ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان کە دواجار وێنەکان خیرا بەربەرچاوی ئێمە تێدەپەرن، لەناو ماڵدا باخ ئەبینین ژووری نووستن وگۆرستان لەناو ماڵ ئەبینین.. کە لەرێگەی چوارچێوەکانەوە درووست ئەکریت، ئەوەش پێمان ئەلێت ماڵ بۆخۆی لەکۆتاییدا خودی گۆڕستانەکەیەو

چاوەروانی مەرگی تیا ئەکەین، مەرگێک چەندە ئێمە تەسلیمی نەبین دواجار ژیان تەنیا بریتیە لە یادەوەری وەک ئەو سەرینەی لە گوڵی بینەران درووست کراوە، هەموو شتێک ئەوەستن ئەبن بە یادەوەری.. بۆیە بە یادەوەری بوون زەمەنی ئینتیما کردنی کارەکتەرەکەمانە بۆ ماناکانی جوانی کە بریتیە لەبیرکردنەوە لە یادەوەری بیرکردنەوەیەک کە ئێستامان توانای ئەوەی نیە وابکەین یادەوەری لەبیر بکەین.

